
# هەڵفڕین بە ئاسمانێکی نامۆدا

مەهدی زریان
(کەرکووک)

عیشق خزینی بێهۆشێکە
بەسەر گالیسکەی شەختەوە
بەرەو نشێوێکی پڕ لە تەم
عیشق سەوزەگیایەکە
بەسەر توولەڕێگەیەکەوە دەڕوێت
پێیەکی نامۆ، لە کاتێکی نەگونجاودا دەیڗاکێنێ،
دەربازبوون لە عیشق
وەکوو خۆڕاتەکاندنی پڵنگێکی کێوییە لە
تەڵەیەکی ئاسنین
کە بە دەستێکی قرتاوەوە
ڕزگاری دەبێت
ئیدی ئەو بۆ هەمیشە نابێتەوە
بە ڕاوچی
بەڵکوو دەبێتە بوونەوەرێکی تۆقیو
تەنانەت لەنێو خەون و خەیاڵەکانیشیدا
کۆنە ئازارێک ڕاوی دەکات!
هەڵاتن لە عیشق
لە چارەنووسی ئەو باڵندەیە دەچێت کە لە
تەلبەندێکدا لەدایک بووە
هەر کاتێک ڕەشەبا تەلبەندەکەی بشکێنێت
ناچار دەبێت بەبێ هیچ ئامانجێک بەرەو
ئاسمانێکی نەناسراو هەڵبفڕێت!
دەربازبوون لە عیشق
داماڵینی ڕۆحێکی نەفرەتییە
لە جەستەیەکی شەکەت
خۆڕاتەکاندنی گەڵایەکی بریندارە
لە دەستی هەناسەکانی پاییز
عیشق هەموو شتێکە و



هیچیش نییە
جوانترە لە درەوشانەوەی فرمێسک و
غەمگینترە لە وشکبوونی کانییەک!

**تەختە ڕەشێکی ژێر باران**

ساڵانێکە ئەم تابلۆیە
بە دیواری بیری مندا هەڵواسراوە
وەکوو نووسراوێکی کۆنی
سەر تەختەڕەشی بەرباران
هەر دەڕووشێ و
تا دێ کاڵتر دەبێتەوە
هەرچی هێڵی ڕاست و چەپە
بەسەریەکدا دەشکێتەوە
لە گۆشەی ڕاستی تابلۆکە بەسەر شۆستەی
شەقامێکی جەنجاڵەوە
ژنێک بە لەتێ ڕوخساری شێواوەوە
گوڵاڵەسوورە دەفرۆشێ
پیاوێک بەبێ سەر وەستاوە و
کڵاوەکەی بەدەستەوە و گوڵ دەکڕێ،
شاری نێو تابلۆ کۆنەکە
شوێن پێی کاتێکی نادیاری
تێپەڕیوی هەڵگرتووە
شوێن پێیەک
لە شوێنەواری دڵۆپی باران دەچێ
هەروەکوو پاشماوەی جەنگە
شار پڕە لە ماڵی نیوە ڕووخاو
ڕێستۆرانتی بێ پەنجەرە و
دەرگا ڕووشاو
باڵەخانەی بەرزی لەت بوو
قاوەخانەی بەبێ تابلۆ و ناوونیشان
مرۆڤگەلێکی نائاشنای
لەتوپەت بوو
جادە و شەقامی پڕ لە چاڵ!
ماتۆڕسوارێکی وەستاوی
بێ دەنگ و بێ خەون و خەیاڵ،
هەر لەنێو ئەو تابلۆیەدا
ژن و پیاوێکی ئاشنا هەن
بۆ چەند هێشوەترێیەک و
سەبەتەیەکی پڕ لە سێو
چەماونەتەوە،
دوو منداڵیش بەرانبەر بەیەک وەستاون
بەقاقاوە پێ دەکەنن!
ساڵ لەدوای ساڵ ئەم تابلۆیە
هەتا کاڵتر دەبێتەوە
تێڕوانینم بۆ ڕابوردوو قووڵ و
نوێتر دەبێتەوە!